## ناسری ڕەزازی:

# دەوڵەتی کوردستانی گەورە زەحمەتە، با هەر پارچەی دەوڵەتێك بێ



**بزاو- تۆرۆنتۆ:**

لە چوارچێوەی گەشتێکی هونەریدا بۆ باکوری ئەمەریکا کە ماوەی مانگێکی خایاند، هونەرمەندی ناسراوی کورد ناسری ڕەزازی سێ کۆنسێرتی سەرکەوتووی بۆ ڕەوەندی کوردی ئەمەریکا و کەنەدا لە شارەکانی لۆس ئەنجلس، ڤانکوڤەر و تۆرۆنتۆ ساز دا، لە کۆتایی گەشتەکەشیدا ڕۆژی ٢٣ حوزەیران، ٢٠٠٧ماڵی کورد لە تۆرۆنتۆ کۆڕێکی ڕێزلێنانی بۆ هونەرمەند ڕێك خست  کە تیشکی خستە سەر کۆمەڵێك باس و خواسی ڕامیاری و هونەری ئەمڕۆی کوردستان.

ڕەزازی ئاماژەی بەوە دا کە ئەگەرچی لە باشووری کوردستاندا کەموکوڕی و گەندەڵی هەیە، بەڵام پێویستە پشتیوانی لە دەسەڵات و ئەزموونی باشووری کوردستان بکەین و بەهەمووەمان هەوڵ بدەین کەموکورتییەکان نەهێڵین، ڕەزازی گەشبینی خۆی بەپێشکەوتنەکانی کوردستان نیشاندا و گوتی: «ئەزموونی باشووری کوردستان بەرەو سەربەخۆیی و دەوڵەتبوون هەنگاو دەنێت، بۆیە پێویستە هێز و لایەنە سیاسییەکان تەبا و یەکگرتوو بن و خۆیان بۆ پێشهاتەکانی ئامادە بکەن، هەروەها گوتیشی لەبەر جیاوازی شێوەزار و باش لەیەك نەگەیشتن و جیاوازی دیکە کوردستانێکی سەربەخۆ و یەکگرتوو کە هەر چوار پارچەی کوردستان بگرێتەوە، کارێکی زۆر سەخت و لە مەحاڵ نزیکە بۆیە ئاساییە هەر پارچەیەکی کوردستان دەوڵەتێکی سەربەخۆ بێت».

لە بارەی ڕەوشی هونەری کوردیش، هونەرمەندی ناوبراو سەرنجی بۆ ئەوە ڕاکێشا کە سەردەمی هونەرمەندانی مەزن بەسەرچوو، چونکە وەك خۆی گوتی: «کاتی خۆی کە من دەستم بەگۆرانی کرد چەندین هونەرمەندی بەتوانا و گەورەی کورد لە وێنەی تاهیر تۆفیق و محەممەد عارف و ماملێ و خاڵقی و هی دیکە لە گۆڕەپانەکەدا بوون، بەڵام ئێستا نەك هونەرمەندی بەتوانای وا نابینین بەڵکو بێسەروبەرییەکی زۆریش لە بواری گۆرانی و موزیکی کوردیدا هەیە، گۆرانیبێژی باش و خراپ لێك جیا ناکرێتەوە و تەلەڤزیۆنە کوردییەکانیش لەم دیاردەیە بەرپرسن کە تا ئێستا هیچ ڕێوشوێنێکیان بۆ چارەسەرکردنی نەگرتووەتە بەر».

لە بارەی سیدی ئەم دواییەی دڵنیای کچی و ئەو ستایلەی لە ئاوازی گۆرانییەکانیدا بەکار هاتووە ڕەزازی گوتی: «ڕاستییەکەی من لەگەڵ ئەرابیسکدا نیم و کاتی خۆشی ڕاشکاوانە بەکاك هەڵکەوت زاهیرم گوت هێشتا زۆر زووە بۆ ستایلی ئەرابیسك و تەرەب، ئەو گۆرانییانەی دڵنیاش گوتوویەتی کاتی خۆی مەرزیە بەنیاز بوو بیانڵێ و دڵنیاش بۆ ڕێزگرتن لە یادی دایکی ئەو گۆرانییانەی گوتن».

ڕەزازی نیگەرانی زۆری خۆی دەربڕی لەوەی کە تا ئێستا لە کوردستاندا مافی هونەرمەندان پارێزراو نییە و یاسایەك نییە ڕێگە لە کۆپیکردنی بەرهەمی هونەرمەندان بگرێت، لە کاتێکدا هونەرمەندانی کورد ماندووبوون و پارەیەکی زۆر خەرج دەکەن تا بەرهەمێك دەخەنە بازاڕەوە، کەچی کەس نییە ڕێگە لە بەناڕەوا بازرگانیکردن بەهەوڵ و ماندووبوونی هونەرمەندان بگرێت، هەروەها نەبوونی ستۆدیۆیەکی هونەریش یەکێکە لە کێشە و گرفتە هونەرییەکان، چونکە هونەرمەندانی کورد ناچارن بۆ تۆمارکردنی بەرهەمەکانیان ڕوو لە تورکیا و ئەورووپا بکەن جێگەی باسە لە کۆتایی کۆڕەکەدا ماڵی کورد لە تۆرۆنتۆ ڕێزی لە کاروانی هونەری ناسری ڕەزازی گرت و خەڵاتی کرد.